Scottish Information Commissioner

www.itspublicknowledge.info

**ئازادی زانیاری چیه (FOI)؟**

- FOI مافی وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە گشتییەکان دەخاتە بەردەستت
- FOI لە سەرچاوە گشتییەکان، وەکوو شۆرا خۆجێییەکان، دەوڵەتی سکاتلەند، کۆلیژەکان، زانکۆکان، NHS (دابینکردنی کۆمەڵایەتی) و پۆلیس دەگونجێندرێت
- FOI مافی وەرگرتنی زانیاری تۆمارکراو دەخاتە بەردەستت: بە واتایەکی دی زانیاریگەلێک کە بە شێوازێک پاشەکەوت و هەڵگیراوە
- دەبێ داخوازییەکان لە چوارچێوەیەکی تۆمارکراودا تەیار بکرێن وەکوو نامەیەک، ئیمێڵ یان فایلێکی دەنگی
- گەر بۆ تەیارکردنی داخوازی پێویستت بە یارمەتییە، دەبێ سەرچاوە گشتییەکان یارمەتیت بدەن
- دەبێ سەرچاوە گشتییەکان دەسبەجێ، و لە ماوەی 20 رۆژی کاریدا، وەڵام بدەنەوە
- زۆربەی داخوازییەکان بە زانیاری پێشکەشکراو کۆتاییان پێدێت
- زۆربەی زانیارییەکان بەشێوەی خۆڕایی پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ ئەوەیدا کە سەرچاوەکان دەتوانن لە هەندێ بارودۆخدا تێچوونێک داوابکەن
- تەنیا لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەکرێ لە پێشکەشکردنی زانیاری سەرپێچی بکرێت
- زێدەگەڵ FOI سەرچاوەکان ناچار دەکات هەندێ لە زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە، تاکوو ناچار نەبیت داخوازیان بکەیت
- گەر لە بەر هەر هۆکارێک نارازیت، دەتوانی دوای داخوازی لە سەرچاوەکان بۆ پێداچوونەوە بە وەڵامەکەی خۆت، لە لای کۆمیسارەیای زانیارییەکانی سکاتلەند داخوازی پێداچوونەوە بکەیت
- گەر بۆچوونی کۆمیساریا ئەوە بێت کە سەرچاوەکان لە سەرپێچی لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان بە تۆ هەڵەیان کردووە، ئەو دەتوانێ داوا لە سەرچاوەکان بکات تاکوو پێشکەشی بکات
- گەر زانیارییەکان ژینگەییە، بەپێی رێساگەلێکی جیاواز کە زانیارییە ژینگەییەکان لەخۆ دەگرێت، وەڵامی داخوازییەکەت دەدرێتەوە
- بۆ وەرگرتنی زانیاری، راوێژ و رێنوێنی، پەیوەندی بکە بە کۆمیسارەیای زانیارییەکانی سکاتلەندەوە:

**کۆمیسارەیای زانیارییەکانی سکاتلەند**

Kinburn Castle, Doubledykes Road

St Andrews, Fife KY16 9DS

تەلەفۆن: 01334 464610

فەکس: 01334 464611

ئیمێڵ: enquiries@itspublicknowledge.info

www.itspublicknowledge.info